# تورکیا کەی لە کورد حاڵی دەبێت؟!



رەسوڵ حەسەن

تورکیا گیرۆدەی کۆڵێک کێشەو قەیرانی جۆربەجۆرە لەڕووی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، ئەم کێشەو قەیرانانەش هەموویان ڕەهەندی مێژوویان هەیەو ریشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆسەردەمانێکی زوو و پێویستیان بەچارەسەرییەکی واقیعبینانەو زانستیانە هەیە، بەڵام وەک دیار دەبێت دەسەڵاتدارانی تورک لەلایەک نایانەوێت کێشەکانیان چارەسەر بکەن و لەلایەکی دیکەش دەیانەوێت کێشەی قوڵتر دروست بکەن.

شاراوە نییە کە تورکیا لەساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ کەشوهەوای گۆڕانکارییەکان، تاڕادەیەکی باش لەهەرێمەکە بێ رۆڵ مایەوە. هەرچەندە بەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدا لەنێو هاوکێشە ئیقلیمیەکەدا جێگەی پێشوی لەق نەبێت و رۆڵی خۆی بپارێزێت، بەڵام بەهۆی هەژانی هاوسەنگییەکان و ڕوون نەبوونی ئاراستەکانی، تورکیا نەیتوانی ئەو هەوڵانەی بەردەست بکات. بەڵام لەم دواییەدا بەهۆی هەندێک ئاڵوگۆڕی تازە دەیەوێت کێشەکانی بەشێوەیەکی وەستایانە فڕێ بداتە دەرەوە، بۆئەوەی هەم لایەنی تری پێ تاوانبار بکات، هەم خەڵکانی تری پێوە خەریک بکات، هەمیش لەرۆژەڤی ڕای گشتی تورکیا دەریخات و خاڵە لاوازەکانی نێوخۆی پێ بشارێتەوە.

ئەم ویستەی تورکیا لە ڕاگەیاندنەکانیدا بەئاشکرا ڕەنگدەداتەوە. لە ٣/١٤ لەکەناڵی(سی ئێن ئێن تورک) بەرنامەیەکی تایبەت بەکەرکوک پەخشکرا، لەم بەرنامەیەدا نیازی تورکیا بۆ نانەوەی ئاژاوەیەک لەکەرکووک ڕوون بوو. ڕەنگە لێرە دەرفەتی ئەوە نەبێت باسی بەرنامەکە بکەین، بەڵام هەندێک عەرەبی هاوردە و بەرپرسانی بەرەی تورکمانی لەدیمانەکاندا ئامادەییان بۆ نانەوەی ئاژاوە و فیتنە نیشانداو بۆ ئەمەش داوای هاوکارییان لەتورکیاو هاوسۆزانی خۆیان دەکرد. کۆنە سەفیرێکی خانەنشینیش، کە لەستۆدیۆی کەناڵەکە ئامادە بوو، مەسەلەی کەرکووکی شیدەکردەوە و باسی لەمافی تورکیا لەکەرکوک دەکرد. بەشێوەیەک لەشێوەکان پشتگیری لەقسەی ئەوان دەکرد و نەشیدەشاردەوە کە دەسەڵێتدارانی تورک لەهەوڵە دیپلۆماسییەکانیان ڕێگە بۆ کارێکی وەها خۆشدەکەن. جگە لەمە بە ئاشکراش دیارە کە لە هەوڵە سیاسیی و دیبلۆماسیەکانیاندا لەئاستی هەرێمی و جیهانی کاریان کردووە و بەردەوامیشن بۆئەوەی کە کۆسپ بخەنە بەردەم جێگیر بوونی سیستەمی فیدراڵی و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠.

تا ئێستا شیمانەی ئەوە لەئارادا نەبوو کە تورکیا بتوانێت ئەم هەوڵەی بەئاکامێک بگەیەنێت، بەڵام وا خەریکە هەندێک هەلومەرج بێنە پێشەوە کە لەوانەیە بەڕادەیەکی کەمیش بێت نەفەسێک بدەنە تورکیا و کەمێک لەحیسابەکاندا جێگەی ببێتەوە.

ئەگەر بێتوو ئێران بەهەڵوێستی ئێستای لەنێو هاوکێشەکەدا بمێنێتەوە و وڵاتانی عەرەبیش لەناوچەکەو عێراقیشدا هەمان هەڵوێستی جارانیان هەبێت لەبەرامبەر ئێران و بوونی ئەمریکا لەناوچەکەدا، ئەوا تورکیا ئەو نەفەسە وەرناگرێت، بەڵام گۆڕانی یەکێک لەو هەڵوێستانە دەبێتە نەفەسێک بۆ تورکیا. تائێستا ئەوهەڵوێستانە بەربەست بوون لەبەردەم ئەوەی تورکیا لەمیانی سیاسەتی دژایەتیکرنی کورد ڕەواجێک پەیدا بکات و بکەوێتە نێو هاوکێشەکان بەتایبەتی لەعێراقدا، ئەمە هەم بۆ وڵاتانی عەرەبی جێگای سەرنج نەبوو هەم لەلایەن ئەمریکاوەش پەسند نەبوو، ئێستاکەش نالێم ئەمانە قەبووڵیان کردووە. بەڵام هەوڵ و گەمەکانی تورکیا زۆر مەترسیدارن، لەوانەیە لەهەژانێکی بچووکدا جێگەی خۆی بکاتەوە و لەکاتی نوێژدا بەرە لەژێر پێی کورد ڕابکێشی! یا بەر لەوەی بگاتە سنوری راکە راکەی گۆڕانی هاوکێشەکان باری خۆی فڕێ بداتە سەر پشتی کورد.

بۆیە پێموایە ئیدی لەمە زیاتر نیازپاکی و دەستەوەستانی کورد لەبەرامبەر هەوڵەکانی تورکیا دەبێتە هەڵەیەک، پێموایە دەبێت کورد هەڵوەستەیەک بکات و سەرنجێکی ورد بداتە تورکیا بۆ ئەوەی کاتێک بارەکەی فڕێ دەدات نەکەوێتە سەر پشتی کورد، بەڵکو بکەوێتە بەردەمی بۆ ئەوەی بزانێت چی تێدایە و تورکیا بەچ دەردێکەوە دەناڵێنی ؟

باری تورکیا لایەنە علمانییەکەی لەنێو ڕەهەند و مەوداکانی گلۆبالیزمدا سەری لێشێواوە و ئاراستەی ونکردووە. لایەنە ئایینییەکەشی بەهۆی بەکارهێنانی ئایین لەماوەی ٦٠٠ ساڵ بەدیوە خراپەکەی تەواوی بەها رۆحانی و مەعنەوییەکانی خۆی لەدەستداوە، تورکیا ماوەیەکی درێژە بەهۆی پێگە جوگرافییەکەی هەم رۆژئاوا و هەم رۆژهەلاتیش هەڵدەخەڵەتێنێ، لەگەڵ رۆژهەڵات بەزمانێکی ئاینی ساختە دەیدا و دەیسەند، لەگەڵ رۆژئاواش بەزمانێکی عەلمانی ساختە. بەڵام ئەمڕۆ لەنێوان هەردووکیاندا گیری خواردووە. لەلایەک پۆتانسێلە کولتورییەکەی لەم سەردەمەدا هێزو بڕشتی نەماوە و بەرەو شیبوونەوە دەچێت، لەلایەکی دیکەش گلۆبالیزم گرنگی مەوقیعە جوگرافییەکانی لە بینینی رۆڵی پرد تارادەیەک کەمکردۆتەوە. تورکیا سەردەمێک بەهۆی پێگەکەی بەناوی گواستنەوەی ئایین و بەها کولتورییەکانی بۆ ئەوروپا سەرکێشی لەعەرب وەرگرت و هەموویانی دەستەمۆ کرد، لەسەر ئەم بنەمایە کیانێکی سیاسیی دەرەبەگایەتی بەهێزی بۆخۆی دروستکرد. دوای ئەوەش بەناوی گواستنەوی بەهاکانی سەرمایەداری و نەتەوەییبوون لەئەوروپا بۆ رۆژهەڵات و هەموو وڵاتانی ئەوروپای خستە خزمەت خۆیەوە. بەڵام ئەمرۆ بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاو ئامرازەکانی گەیاندنەوە، هەموو کیشوەر و وڵاتێک چۆنی بیانەوێت دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ هەموو کیشوەر و وڵاتێکی دیکەدا ببەستن. بۆیە ئەمڕۆ سەرەڕای گرنگی پێگەی جوگرافی، پۆتانسێلی بەها کولتورییەکانیش بە ڕادەیەکی زۆر بۆ پەیوەندییەکان جێگای بایەخە.

تورکیا تەنها ناکۆکییەکی سیاسی نییە لەگەڵ وڵاتانی هەرێم و جیهان، بگرە ناکۆکییەکەی مێژوویی و کولتووری و ئایدیۆلۆژییە و کاراکتەری کەسایەتی و سیستمەکەی لەگەڵ قۆناخ و کاراکتەری هێزەکانی دیکە کەوتۆتە نێو ململانێ. تورکیا ئەمڕۆ بەهۆی لاوازی و لەرزۆکی بنەمای پێکهاتەکانی لەڕووی سیاسیی و کولتوری و کۆمەڵایەتییەوە، ناتوانێت لا لەدیموکراسی بکاتەوە و ببێتە پرد بۆ گواستنەوەی بەهای دیموکراسی و علمانییەتی ئەوروپا، لەلایەکی دیکەش وڵاتانی رۆژهەڵات بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی لەموسڵمانێتی تورکیا بەگومانن و پێیانوایە تورکیا ئایینەکەیانی شێواندووە دەیانەوێت خۆیان بەسوود وەرگرتن لەکارەکتەری گلۆبالیزم درێژە بەگەیاندنی بەها کولتورییەکانی ئایین بدەن، بۆیە مەودایەکی زۆر لەتورکیا دوورکەوتونەتەوە و گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادەن.

کاتێک رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەریەکە بەلۆژیکی خۆیان ئەم مەسەلەیە دەخەنە بەردەم تورکیا، تورکیا وەڵامی بۆ هەریەکەیان بەمشێوەیە: لە ئەوروپاو رۆژئاوا دەڵێت "من تا ئێستا کارێکی زۆرم بۆ دیموکراسی و علمانییەتەکەی ئێوە کردووە، بەڵام لەمە زیاتر دیموکراسی بوون و علمانیبوونی من، کورد بەهێزدەکات، ئەگەر دەتانەوێت

من درێژە بەخزمەتکردنی دیموکراسی و عەلمانییەتی ئێوە بدەم، ئەوا دەبێت کورد خاوەنی پێگەو هێز نەبن لەناوچەکەدا و تەنانەت نابێت دان بەهەبوونیشیاندا بنرێت، چونکە دەیانەوێت کۆرپەی دیموکراسی و عەلمانیەت کە لە ئێوەیەو لەسکی مندایە لەکەرکووکدا لەبارببەن".

بەڵێ، تورکیا لای وڵاتانی عەرەبیش دەڵێت: "کورد ئینتیما ئایینیەکەیان روون نییە و دەیانەوێت دەرگەیەک لەدیموکراسی و علمانییەتی رۆژئاوا بکەنەوە و بەهەموو رۆژهەڵاتدا بڵاوی بکەنەوە، وەرن با بەیەکەوە لەعێراق و کەرکووکدا رێگە لەمە بگرین، چونکە ئەگەر لەعێراق و کەرکووک ئەزموونەکانی دیموکراسی سەربخەن ئەوا دەتەنێتەوە و کەس ناتوانێت پێشی لێبگرێت".

تورکیا ئەمڕۆ کەوتۆتە ژێر بارێکی وەها گران و بۆ فرەدانیشی گەمەیەکی بەمشێوەیە مەترسدار لەدژی کورد بەڕێوەدەبات.

**تورکیا بۆچی بەم رادەیە وردو دوژمنکارانە لەکورد دەڕوانێت؟**

گەوهەری کاراکتەری کەسایەتی و سیستەمەکەی جگە لەتایبەتمەندیی شەڕانگێزی کە رەکیزەی ئەقڵییەت و لۆژیکی کاراکتەرەکەی پێکدەهێنێ، هیچی دیکەی هی خۆی نییە، هەمووی بەزەبر و تاڵان و فرتوفێل لەگەلانی ناوچەکە بەتایبەتی لەگەلی کورد هەندێکیشی لەگەلانی تری جیهان وەرگرتووە، تەنانەت زمانەکەشی لە ٧٠٪ ی هی گەلانی ترەو پیکهاتە سیاسیی و ئابووریەکەشی لەسەر ئەم بنەما کولتووریە ئاواکراوە، بۆیە لەهەر هۆشیاربوونەوە و پێشکەوتنێکی گەلانی دیکە و بەتایبەتیش گەلی کورد دەترسێن، چونکە ئەم پێشکەوتنانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێکهاتەی کارەکتەرە ساختەکەی ئاشکرا دەکات و هەڵدەوەشێننەوە، بەمەش پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوورییەکەشی هەڵدەوەشێتەوە. تورکیا نایەوێت بەدەردی عەشیرەتەکانی ئاق قوینلەر و ئاتا بەگلەر و.... هتد بچێت، چونکە ئەمانە لەسەدەی دەیەم و یانزەهەم بەتێکەڵ بوون و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کورد، لەبۆتەی کولتووری کورددا توانەوە. بەڵام لەهەڵمەتی دووەمدا دەرگەی پەیوەندییەکانیان داخست و بەشەڕ کاراکتەری کولتوری کوردیان تێکشکاند و بەتاڵان بردیان، بۆیە تورکیا لەبەرامبەر کورد تا ئەمڕۆش بەردەوام دەگەرێتەوە سەر رەکیزەی کاراکتەرەکەی کە داخستنی دەرگاکانی پەیوەندی و شەڕە.

ئەم رەوشە، واتە ڕاکە ڕاکە لەسنووری گۆڕانی هاوکێشەکان وەک ئەوە وایە قەدەر کورد و تورکی بەیەکەوە گەیاندبێتە سەر "پردی سیرات" و لەم پێشبڕکێیەدا کورد لەپێشەوەی تورکیا بێت، لەسەر ئەم پردە، هەنگاو وجموجوڵی هەر یەکێکیشیان بەرادەیەکی زۆر پردەکە بلەرێنێتەوە و کار لەهاوسەنگی ئەوەی تر بکات. بەڵێ کارکردن بۆ پەیوەندی و جێگرتن لەهاوسەنگی هاوکێشەکان، کورد وتورک دەگەیەنێتە ململانێ لەسەر پردێک کە زۆر هەستیار و چارەنووسازە، ئەوەی بەهەستیاری و هاوسەنگ هەنگاو بنی و بپەڕێتەوە ئەوا لەمەترسی سوتان بەئاگری کێشە کەڵەکەبووە مێژوویەکانی ناوچەکە رزگاری دەبێ، ئەوەی

**تورکیا ماوەیەکی درێژە بەهۆی پێگە جوگرافییەکەی هەم رۆژئاوا و هەم رۆژهەلاتیش هەڵدەخەڵەتێنێ، لەگەڵ رۆژهەڵات بەزمانێکی ئاینی ساختە دەیدا و دەیسەند، لەگەڵ رۆژئاواش بەزمانێکی عەلمانی ساختە، بەڵام ئەمرۆ لەنێوان هەردووکیاندا گیری خواردووە**

هەستیار و هاوسەنگیش هەنگاو نەنی، ناپەڕێتەوە و کێشە کەڵەکەبووەکانی ناوچەکە کە بووەتە گڕو بلێسەی دۆزەخ دەیسوتێنی تا ئەو کاتەی لەحیکمەتی مێژوو حاڵی دەبێت. تورکیا ئامادە نییە هەماهەنگی کورد بکات بۆ پەڕینەوە، چونکە پێیوایە دوو پێگەی ئەوها ناکۆک لەسەر پردێکی وا تەسک و باریک جێگەی نابێتەوە و دەبێت یەکیان بکەوێت، هەڵبەتە ئەو بەئاشکراش زۆر بەکارامەیی هەوڵدەدات کورد بخاتە خوارەوە.

تورکیا بەبێ کاراکتەرێک کە بەهایەکی کولتوریی دەوڵەمەند و بەهێز لەخۆوە بگرێت، ناتوانێت لەسەر ئەم پردە خۆی پارسەنگ بداتەوە، بەهای کاراکتەرە کولتورییەکەشی لە ٧٠٪ ی هی کورد و گەلانی ترە، بۆیە هەر هەنگاوێکی کورد لەسەر پردەکە بەواتای ئەوەدێت کە ئەو بەهایانەی پێویستن بۆ تورکیا لەرێپێوانەکە لەدەستی بدات و بۆ کورد بگەڕێتەوە.

بۆیە تورکیا ئامادە نابێت بۆ پەیوەندی لەگەڵ کورد تا ئەوکاتەی کاراکتەرەکەی تێکنەشکێ.

هەڵبەتە ئەمرۆ تورکیا ئازادە لەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ کورد ببەستێت یا نا. بەڵام ئیدی مافی ئەوەی نییە بەرە لەژێر پێی کورد دەرکێشی، یا بارە مەترسیدارەکەی لەخاڵە سنوورییەکان فڕێ بداتە سەر پشتی کورد، یاتەنها بەزیانی کورد کاربکات و پەلکێشی شەڕی بکات.

هەرێمی کوردستان تا ئێستا جگە لەقازانج و پەیوەندییەکی دۆستانە زیانی بۆ تورکیا نەبووە، بەڵام تورکیا ئەگەر درزێک لەهاوکێشەکان دروست بێت و بۆی بلوێت، بەگەلەکۆمەیەک تارمایی گومانەکانی دەڕەوێنێتەوە هیچ دەرفەتێکیش لەدەست خۆی نادات. ئەم ئەگەرە پێویستە بچێتە پشت هەموو پەیوەندییە سیاسیی و دیبلۆماسییەکانی کورد و وەک پرەنسیپێک بۆهاوکێشەی پەیوەندییەکان کاری پێبکرێت.

پارتی دادو گەشەپێدانAKP بۆ ئەوە دروست بوو تا ئەم بارە فڕێ بدات و لەسەر ئەم پردە پارسەنگ بۆ تورکیا دروست بکات، هەر بۆیەش لەوپەڕی چەپ تا ئەوپەڕی ڕاست ، کۆمۆنیست و ئیسلامیش لە خۆی دەگرێت. لەبەرئەوە پێموایە ئەگەر دیوێکی لێدوان و قسەکانی ئەردۆغان و عەبدوڵڵا گوڵ ئێستا نەرمییەکی پێوە دیارە، یا ناوە ناوە بەشێوەی جۆراو جۆر ئەوە دەوروژێنن کە تورکیا دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم ببەستێت، بەدوو مەبەست ئەم شتە دەکەن، یەکیان بۆئەوەیە سەرکردایەتی سیاسی کورد، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێو هەڵوێستی چاوەڕوانیدا بهێڵنەوە و هەنگاو نەنێ و دەستپێشخەری نەکات لە چوونە نێو کون و کەلەبەرەکانی تورکیا. دووەمیشیان بۆ ئەوەیە لەهەڵبژاردنەکانی تورکیا دەنگی کورد لەدەست نەدەن، چونکە تا ئێستاکە پارتە رەنگکراوەکانی تورکیا لەهەڵبژاردنەکاندا ٩٠٪ ی زیاتری دەنگەکانیان هی کوردە. واتە دیوەکەی تری هەڵوێستی سیاسی سرفن و بەدەرن لەنیازی پەیوەندیی دروستکردن لەگەڵ کورد، کورد رادەگرن تا دەرفەتیان بۆ دەرەخسێت.

لەم واتایەدا پێویستە کورد لەبەرامبەر ئەم راستییەی تورکیا دەستەوەستان نەوەستێت و بەشێوەیەک لەشێوەکان دەستپێشخەری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، دەبێت بەلەبەرچاوگرتن و لێکدانەوەیەکی ڕاست و ژیرانە بۆ کاردانەوە و هەوڵەکانی تورکیا، هەوڵی ئەوە بدات هاوسەنگی خۆی مسۆگەر بکات.

بەشێکی زۆری گەلی کورد لەباکووری کوردستان هەست و سۆزە نەتەوەییەکەی پاراوە، بەڵام لەنێو گێژاوێکی سیاسیدا دەژیت و بەرنامەو پلانی بۆ ئایندە زۆر لاوازە و ناتوانێت خۆی لەکەوتنە داوی پیلانە وردەکانی دەوڵەت رزگاربکات. جگە لەمە وابزانم ئەوانیش تارادەیەک هەستیان بەهەڵەکانی رابردوو کردووە و ئەمڕۆ بەئومێدەوە چاویان بڕیوەتە دەستی سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان. جگە لەمە کۆمەڵگەی تورکیاش چەندان نەتەوە و ئەتنیک و... جیاوازی تێدا دەژیت و هەمووشیان لەدەوڵەت کارا نین. بۆیە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دامودەزگاو رێکخراوە کولتوری و رۆشنبیری و ئابوورییەکانی ئەم پێکهاتانە دەبێتە هەنگاوێکی باش بۆ ئەمرۆ و ئایندە.

بۆیە پێموایە، کورد بەلەبەرچاوگرتنی هەموو هەلومەرج و ئەگەرێک لەلایەک دەبێت دەرگای پەیوندییەکانی بۆ زۆربەی گەلانی ناوچەکە و جیهان بەشێوەیەکی گونجاو بەکراوەیی بهێڵێتەوە و خۆشی هەوڵی ئەوەبدات پەیوەندیان لەگەڵدا ببەستێت، چونکە ئەمە بەواتای چوونە ناو گۆڕانکاری وهاوکێشەکان و دەرز پێبردنی کاراکتەرەکەی تورکیا دێت، بەڵام لەلایەکی دیکە پێویستە بەر لەهەر پێشهاتێک دەرگای داخراوی تورکیا بەو ئاراستەیەدا بکاتەوە کە کورد خۆی پێویستی پێیەتی. وابزانم هەلومەرجیش خاڵی نییە لەتوانست ودەرفەتی هەنگاوێکی بەمجۆرە.